# ڕێکخراوی چاک و پێویستی بەخۆداچوونەوە و لەخۆڕوانین

شاخەوان شۆڕش

ڕێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاک)، لەم ڕۆژانە یەکەم کۆنگرەی زیندووی خۆی دەبەستێت، کۆمەڵێ بابەت و پرسیار لەبەردەم ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەدان. ڕەنگە ئەوە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام گرنگە هەوڵەکان بۆ خاڵە گرنگەکان بەکار بهێندرێن. لەم کورتە وتارەدا هەندێ سەرنج و تێبینی دەخەمە ڕوو، هیوادارم سوودیان ببێت.

هەروەکو دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی چاک ئاماژەی بۆ دەکەن، بیرۆکەکەی ئەم ڕێکخراوە لە دادگاییکردنی نەزار خەزرەجیەوە سەری هەڵداوە. لە دانیمارک هەندێ کەسی کوردستانی، ڕێکخراوی "کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی" یان دروستکرد و کەوتنەدوای پرۆسەی دادگاییکردنەکە، گوشاری گونجاویان دروستکرد و کاریگەری خۆیان نواند. وادیارە ئەوەش گەلێ پرسیاری گرنگی لای کوردستانیان وروژاند.

ڕیکخراوی چاک سەرەتای هەڵمەتی وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال دەستی پێکرد و مەبەستیان دادگاییکردنی تاوانبارانی ژینۆسایدی ئەنفال بوو. واتە ئامانج دادگاییکردنی تاوانبارانی شێوەی نەزار خەزرەجی و ئەوانەی دیکە کە بەشیوەیەک لە شێوەکان لە گەلکوژیەکەی ئەنفال تاوانباربوون. بەمشێوەیە شێوەی دەرکەوتنەکە و ئامانجەکە زیاتر لە ڕێکخراوێکی "گراسڕوت"[1] واتە ڕەگەڕێکخراو دەچوو. ڕێکخراوەکە شێوەی پێکهاتەی ئاسۆیی وەرگرتبوو و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو ئەویش دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال بوو. دوای ماوەیەک ڕێکخراوەکە ناوی کرایە "ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد". ئەگەر سەیری ناوەکە بکەین، سەیردەکەین ناوەکە زۆرفراوانترە لە تەنها دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال. ئەنفال و ژینۆسایدی گەلی کورد بە گشتی دەگرێتەخۆی. واتە هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە ئەنفال هەیە، هەروەها هەموو ئەو کارە ژینۆسایدیانەی دژی گەلی کورد لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا کران یا دەکرێن دەگرێتەخۆی. ئەو پرسانەش زۆرن، وزە و توانای زۆریان گەرەکە. کارکردن بۆ تێرکردنی ئەو پرسانە ئاسان نییە و هەندێکی لە توانای ڕێکخراوێکی سڤیلی وەکو چاک بەدەرە. بەتەنها ئەنفال کۆمەڵی خاڵ و لایەنی گرنگ دەگرێتەخۆی بۆنمونە: دادگایی تاوانباران، دۆزینەوەی تاوانباران، دادگاییکردنی یا هەڵمەت دژی ئەوانەی یارمەتی گەلکوژی ئەنفالیان بەجۆرێ لەجۆرەکان داوە، کۆکردنەوەی دەکومێنت، قەرەبووی قوربانیان، یارمەتی دارایی بۆ قوربانیان، یارمەتی پزیشکی و تەندروستی بۆ قوربانیان، یارمەتی کۆمەڵایەتی بۆ قوربانیان هتد.، دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ساغکردنەوەی ناسنامەی تەرمی قوربانیان، ناساندنی گەلکوژی ئەنفال لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا و هەروەها گەلێ خاڵی دیکەی گرنگ. ئەو خاڵانە و هیتر کە لێرەدا نەنوسراون هەموویان گرنگن و پێویستە هەوڵیان بۆ بدرێت. سەبارەت بە گەلێ لەو پرسانە توانای ڕێکخراوی چاک سنوردارە. ئەگەر سەرنج بدەینە تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی یا ژینۆساید لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا ئەوانیش کۆمەڵی خاڵ و پرسی گرنگ دەگرنە خۆیان، بەمجۆرە کار و ئەرکەکان گەلێ زیاتر دەبن. بۆیە کارێکی گونجاوە ئەگەر ڕێکخراوێکی توانا سنورداری وەکو چاک، سنور بۆ کارەکانی خۆی دابنێت، واتە هەوڵ بۆ ئەو پرسانە بدات کە لە توانای ئەو دان یا لە چوارچێوەیەکی گونجاوی توانای کارەکانی ئەو ڕێکخراوەدا دان.

جگە لەوەی سەرەوە ڕێکخراوی چاک لە ماوەی ئەو یەکدوو ساڵەی دواییەدا، هاوکات لەگەڵ ئەرکەکانی سەبارەت بە ژینۆسایدی گەلی کورد، وەکو ڕێکخراوێکی بەرگری لە مافی مرۆڤ بەگشتی کاری کردووە. ئەوەش واپێدەچێ لەبەرئەوەیە، ڕێکخراوێکی چالاکی سڤیلی مافی مرۆڤ بوونی لە کوردستاندا نەبووە. واتە ڕێکخراوێک کە بەشێوەیەکی چالاکانە لە زۆر بواردا هەڵداتە سەر پێشێلکاریەکان. پێشێلکاریەکان لە زۆرلایەندا لە کوردستاندا ڕاکشاوانە هەن، مینیستەری مافی مرۆڤی سەربە دەسەڵاتی کوردی لێیان بێدەنگە، بگرە لایەنی دەسەڵاتیش دەگرێت. لێرەدا ڕێکخراوی چاک ویستویەتی پەردەی بێدەنگی بدرێت.

لەلایەکی دیکە دەکرێ ئەوە بگەڕێتەوە بۆ خوێنگەرمی یا ئاواتفرەیی ئەندامانی چاک، بەجۆرێ مەبەستیانە لە زۆر بواردا ئەسپی خۆیان تاو بدەن. ئەوان لە خەڵکێکی کوردستانی ئازادیخواز پێکهاتوون، بۆیە کاتێ ئازادیەکان پێشێل

**دەکرێن، بەئەرکی خۆیانی دەزانن لێیان لە گارە بدەن. نمونەی چالاکیەکانی ڕێکخراوی چاک سەبارەت بە بەرگری لە مافی مرۆڤ، وەکو کێشەی د. کەمال سەید قادر، خۆپیشاندانەکانی کەلار، هەڵەبجە و ئەوانیتر، زیندانیەکانی کوردستان هتد. ئەو کێشانە دەچنە خانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بۆیە لەسەر ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە بەتەنگیانەوە بچێت. وەکو گوترا چاک ئەو ئەرکەشی وەئەستۆی خۆی گرتووە، ئەو کارانە کاری باشن و جێگای ڕێزگرتنن، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتی بەرگری لە مافی مرۆڤ کاری ڕێکخراوێک نییە کە بۆ دۆزی تاوانی ژینۆساید دژ بە گەلی کوردستان خۆی تەرخان کردووە. کە ڕێکخراوی چاک ئەو ئەرکانەشی گرتۆتە ئەستۆ، کار و ئەرکەکانی گەلێ زیاتر و تاڕادەیەک پەرتوبڵاوتر بووە. ئەگەر ڕێکخراوی چاک پێیوایە دەبێ لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بەدەنگ بێت، ئەوا واچاکە ناوەکەی خۆی بگۆڕێت و بەشێوەیەک بتوانێ ئەو بوارەش بگرێتەوە. دیارە ئەرکەکان گەلێ زیاتر دەبن و لە توانای ڕێکخراوی چاک تێدەپەڕن، ئەگەر بزانین کەوا چاک نەیتوانیوە بەتەنگ هەموو کێشە پەیوەستدارەکانی ئەنفال و گەلکوژی بەگشتی بچێت. ڕێکخراوی چاک لە دادگاییکردنی بازرگانی کیمیاوی ڤان ئەنرات، ڕۆڵی گونجاوی بینی، سەرکەوتنی لەکار و هەوڵەکانیدا لەو دۆزەدا بەدەست هێنا. بەڵام واچاکە ڕێکخراوی چاک بەوە لەخۆبایی نەبن و تووشی بەرزەفڕی نەبن. پێویستە ئەوان ڕیالیستانە سەیری توانای خۆیان بکەن و ئەوەش لەبەرچاوبگرن کەوا دادگاییکردنی تاوانباران تەنها پرسێکی گرنگی وابەستەی ئەنفالە. گەلێ پرسی دیکە هەن، چاک نەیتوانیوە وەکو پێویست بەتەنگیانەوە بچێت، یا هەر خۆی لە قەرەیان نەداوە. ئەگەر ڕێکخراوی چاک مەبەستیەتی وەکو ڕێکخراوێکی کاریگەر ڕۆڵی خۆی ببینێت، واباشە کارەکانی خۆی چڕ بکاتەوە و سنور بۆ کار و ئەرکەکانی دابنێت. ئەگەریش پێیوایە دەبێ هەموو پرسەکانی وابەستەی ژینۆساید و مافی مرۆڤ بگرێتەخۆی، ئەوا ئەگەری پشتگوێخستنی گەلێ پرسی گرنگ هەن، چونکە گومان لەوەدایە چاک بتوانێ فریای هەموو ئەو پرسانە بکەوێت.**

**جگەلەوە ڕێکخراوی چاک زیاتر لە ڕێکخراوێکی گراسروت دەچێت، کە زیاتر وایکردوە وەکو ڕێکخراوێکی خەڵکی خۆی بنوێنێت. ئەوەش وادەکات لە خەڵک نزیک بێت و متمانەی خەڵک ئاسانتر بۆخۆی ڕابکێشێت. واچاکە ڕێکخراوی چاک خۆی لە پێکهاتە و سترەکتوری کلاسیکیانەی هەرەمی بەدووربگرێت. پێکهاتەی کلاسیکیانەی هەرەمی کارەکان خاو دەکاتەوە، نێوانی نێوان ئەندامان و سەروو فراوان دەبێت، ئاستی بیرۆکراسیەت بەرز دەکاتەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان خەڵک و ڕێکخراو سەخت دەکات. پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەکرێ پەیوەندی نێوان ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کاریگەر و ئاسان و بێگرێ بکرێت؟ چۆن دەکرێ پەیوەندیەکان زیاتر ئاسۆیی بن و دووربن لە بیرۆکراسیەت؟ چۆن دەکرێ ئەرک و کارەکان کاریگەرانە ڕاپەڕێندرێن؟**

31.5.2006

---

[1] ڕێکخراوی گراسڕوت grass-roots movement بە ڕێکخراوێک دەگوترێت کە لە خەڵک و هاوڵاتیانی ئاسایی پێکدێت، هەڵگری یەک بابەتی سەرەکیە و پێکهاتەیەکی ئاسۆیی هەیە. واتە پێکهاتەکەی شێوەی کلاسیکیانەی هەرەمی ناگرێتەخۆی. گەلێجار وەک بەرهەڵستکار بەرامبەر بە هەنگاو یا بڕیاری دەسەڵات دێتەکایەوە. بۆنمونە دەسەڵاتی کوردی بڕیاری مانەوەی لە ئێراق دا، دەکرا ڕێکخراوێک دروست بێت دژی مانەوە لە ئێراق. یا دەسەڵاتی کوردی پشتگیری گەلێ لە تاوانبارانی ئەنفال وەکو نەزار خەزرەجی و هی دیکە دەکات، ڕێکخراوی چاک هەوڵ بۆ دادگاییکردنی هەموو تاوانباران بێ جیاوازی دەدات. واتە ڕێکخراوی گراسروت یا ڕەگەڕێکخراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو (کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێخراوە یا هەنگاوی دژ نراوە) تێدەکۆشن. لە ڕێکخراوی گراسروتدا سنورەکانی ئەندام بوون کراوەن و مەبەستی ئەو ڕێکخراوە بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە. بەڵکو مەبەستی کارتێکردنی یا هەوڵی گۆڕینە سەبارەت بە بڕیارێک، هەنگاوێک یا بارێک.